ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری و ستراتیجیەکان

# ئامانجی دیالۆگی ستراتیجی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا

د. ئەحمەد عەدنان ئەلمەیالی

و. گەیلان عەباس



حوزەیرانی ٢٠٢٠

# دیدێکی شیکاری بۆ

# ئامانجی دیالۆگی ستراتیجی لەنێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا


**نوسینی؛ د. ئەحمەد عەدنان ئەلمەیالی**

**ناوەندی توێژینەوەی (المستقبل) بۆ توێژینەوەی ستراتیجی**

**وەرگێرانی**

**گەیلان عەباس_ئەندامی ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆران**

**ژوری توێژینەوەکان- بزوتنەوەی گۆڕان**
Email: research.gorran@gmail.com


**حوزەیرانی ٢٠٢٠**

## ناوەڕۆک


پێشەکی وەرگێڕ..........................................................٣

سەرەتا..........................................................٦

یەکەم: ئامانجەکانی ئەمەریکا لەدیالۆگی ستراتیجی..........................................................٦

دوەم: ئامانجەکانی عێراق لەدیالۆگی ستراتیجی ..........................................................٨

سێهەم: بەرچاوڕونی بۆ وەفدی دانوستانکاری عێراقی لەدیالۆگی ستراتیجی ............................. ١٠

ئەنجام..........................................................١٢

سەرچاوە..........................................................١٣

# پێشەکی وەرگێڕ

ئێوارەی رۆژی ١١ی حوزەیرانی ٢٠٢٠ گەڕی یەکەمی گفتوگۆ (دیالۆگ)ی ستراتیجی لەنێوان وەفدی عێراق و ئەمەریکا دەستپێکرد. رۆژی دواتر وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەیاننامەیەکی دەربارەی، چۆنیەتی بەڕێوەچونی یەکەم دانیشتنی دیالۆگی ستراتیجیی نێوانیان بڵاوکردەوە. لەبەیاننامەکەدا هاتبو"نوێنەرانی ئەمەریکاو عێراق، جەختیان لەسەر بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانیان و کاری هاوبەشی نێوانیان کردوەتەوە، لە روی سیاسی و ئەمنی و ئابوری و رۆشنبیرییەوە. هاوکات باس لەوەکراوە کە گفتوگۆ ستراتیجییەکانیان بەردەوامدەبن و لە مانگی تەموزی ئەمساڵ هەردولا، جارێکی دیکە لە واشنتۆن کۆدەبنەوە".

وەک ئاشکرایە، ئەمەریکاو عێراق لەساڵی ٢٠٠٨دا، دو رێککەوتننامەیان لەنێوان خۆیاندا واژۆ کرد، رێککەوتنێکیان ئەمنی بو کەمەبەست لێی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بو لەبەغدا، کەناسرا بە (رێککەوتننامەی سۆفا). ئەم رێککەوتنە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١دا و لەسەردەمی ئیدارەی (باراک ئۆباما) وەک خۆی جێبەجێکرا، واتە ئەمەریکا وابەستەی رێککەوتننامەکە بوو لەکاتی دیاریکراودا سەربازەکانی لەعێراق کشاندەوە.

رێکەوتننامەکەی دیکە لەهەمان کاتدا واژۆ کرا، ئەوەش رێککەوتننامەیەکی تارادەیەک گشتگیرتربو، کەناسرا بەرێککەوتننامەی (چوارچێوەی ستراتیجی). ئەم رێککەوتنامەیەیان مەبەست لێی هاوکاریکردنی عێراق بو لەبواری (سیاسی و دیپلۆماسی، بەرگری و ئاسایش، رۆشنبیری، ئابوری و وزە، تەندروستی و ژینگەو بواری دادوەری ...). بەڵام رێککەوتننامەکە تەنها لەبواری تیۆریدا مایەوەو وەک خۆی جێبەجێنەکرا.

لەساڵی ٢٠١٤ دا دوای دروستبونی جەنگی داعش و دەستگرتن بەسەر بەشێک لەخاکی عێراق، لەلایەن ئەو رێکخراوەوە، حکومەتی (حەیدەر عەبادی)، داوای هاوکاری و پشتیوانی سەربازی لەئەمەریکا کرد، بەمجۆرە بەشێک لەهێزەکانی ئەمەریکا، جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ سەر خاکی عێراق.

ئێستا لەسەروبەندی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی عێراق لەوانەش (کۆتایهاتنی جەنگی داعش، دروستبونی هێزەکانی حەشدی شەعبی، خۆپیشاندانەکانی عێراق و دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی، کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبومەهدی موهەندیس لەعێراق، دروستبونی ململانێی نوێ و پەرچەکرداری کوژرانی سولەیمانی لەسەر خاکی عێراق لەنێوانی هێزەکانی حەشدی شەعبی و ئێران دژ بەئەمەریکا، دەرکردنی بریاری دەرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمەریکا لەخاکی عێراق لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، پێکهێنانی حکومەتی نوێ لەعێراق بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی ...). هەمو ئەم گۆڕانکارییانە بون بەپێویستی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لەپەیوەندییەکان، بەتایبەت لەنێوان واشنتۆن و بەغدا، لەم سۆنگەیەشەوە حکومەتی ئەمەریکا پێشنیاری ئەنجامدانی دایلۆگی ستراتیجی

خستە سەر مێزی گفتوگۆی حکومەتی نوێی عێراق، ئەوەش بەئامانجی گەیشتن بەرێککەوتنامەیەکی نوێ لەنێوانیاندا.

ئەوەی هەردولا ئاماژەیان بۆ کردوە، مەبەست لە دیالۆگی ستراتیجی بۆ دارشتنەوەی پەیوەندییە ستراتیجیی و دیبلۆماسییەکانی نێوان ئەمەریکاو عێراقە. لەگەڵ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە ئەمنی و سەربازییەکانی نێوانیان، یەکلاییکردنەوەی پرسی مانەوە یاخود سنوردارکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لەگەڵ پێداچونەوە بەپەیوەندی و هاریکاری نێوانیان لەبواری ئابوری و وزە...هتد). ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی لەچوارچێوەی گۆڕانکارییە نوێیەکانی عێراق و ناوچەکەو جیهان.

وەک لەم راپۆرتەدا باس کراوە، دیارترین خاڵێک کەئامانجی حکومەتی نوێی عێراقە لەم دانوستانانەدا، بریتییە لە پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق، ئەوەش پشت بەست بەو بریارەی کەلە سەرەتای ئەمساڵدا بەدەنگی زۆرینەی شیعەکان لەپەرلەمانی عێراق بریاری لەبارەوەدرا. لەگەڵ بەردەوامیدان بەپشتیوانییەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق لەروی داراییەوە، لەگەڵ چەند ئامانجێکی دیکە.

ئەوەی لەبەرامبەردا، دەمێنێتەوە ئامانجی ئەمەریکایە لەم دانوستانانە، کەبێگومان ئەمەریکا بێ بەرامبەر، رازی نابێت مل بۆ داواکارییەکانی عێراق بدات. بەتایبەت ئەوەی کەتایبەتە بەپرسی کشانەوەی هێزەکانیان لەعێراق. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیی تێدا هەیە بۆ ئەوەی لەو روەوە تارادەیەک دڵی عێراقییەکان رازی بکات. وەک لەبەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا هاتوە کە رایگەیاندوە"ئەمەریکا لە ماوەی چەند مانگی داهاتودا ژمارەی هێزەکانی لە عێراق کەمدەکاتەوەو جەخت دەکاتەوە کە ئارەزوی نییە بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازیی هەمیشەیی لەعێراقدا". بەڵام ئەمە بەو واتایە نایات کە ئەمریکا بەیەکجاری لە عێراق دەکشێتەوەو گۆرەپانەکە چۆڵ دەکات، بەتایبەت کە چەند مانگێکە سیستەمی بەرگری پاتریۆتی لەدو بنکەی سەربازی هەریر لەهەولێر و عەین ئەسەد لەئەنبار جێگیرکردوە.

بەواتایەکی دیکە ئەمەریکا لەم قۆناغەدا بیر لەکشانەوە ناکاتەوە، بەڵام ستراتیجی خۆیی لەعێراقدا دەگۆرێت، بۆ نمونە دەیەوێت چەند ناوەندێکی ئارام بۆ نوێنەرە دیبلۆماسی و هێزە سەربازییەکانی لەعێراق دروستبکات، ئەوەش لەلایەک بۆ دوربون لەهەرەشەو مەترسییەکانی ئێران و گروپە میلیشیا شیعەکان و هیزەکانی حەشدی شەعبی لەعێراق. لەلایەکی دیکەش بۆ سەلماندنی مانەوەی لەعێراقداو دورخستنەوەی هەژمونی ئێران لەسەر سیاسەت و بریارەکانی حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق. ئەمانەو چەندین ئامانج و خواستی دیکەی هەردولا، کەلە میانەی ئەم راپۆرتەدا خراوەتە روو.

ئەم راپۆرتە لەلایەن (مرکز المستقبل للدراسات الستراتیجیة) بەزمانی عەرەبی نوسراوە، ئێمەش لە ژوری توێژینەوەکان- گۆشەی سیاسی، وەرمانگێراوەتە سەر زمانی کوردی، ئەم راپۆرتە دەچێتە چوارچێوەی چەند چالاکی و پەیپەرێکی دیکەمان لە ژوری توێژینەوەکان، کە وابریارە لەداهاتودا کاریان لەسەر بکەین و بەپێی گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییەکان بڵاویان بکەینەوە.

ئەم راپۆرتە بەپوختی باس لەئامانج و خواستی لایەنی عێراقی و ئەمەریکی دەکات لەسەر ئەنجامدانی دیالۆگی ستراتیجی لە نێوانیاندا. لەگەڵ پێشکەشکردنی کۆمەڵێک راسپاردە بۆ وەفدی عێراق، ئەوەش لەپێناو ئەنجامدانی دانوستانێکی دروست بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێکی نوێ، بەئامانجی دارشتنەوەی سیاسەت و ستراتیج و بەرنامەی کاری هاوبەشی نێوان واشنتۆن و بەغدا، لە ساڵانی داهاتودا.

## سەرەتا

عێراق و ئەمەریکا لەماوەی رابردودا دو رێککەوتنامەیان ئیمزا کردوە، یەکەمیان (رێککەوتننامەی سۆفا)[١] بو، کەناسرابو بە رێکەوتنامەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق، رێکەوتنامەکە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا بە قانونی و بە عەمەلی، کۆتای پێهات و جێبەجێکرا. دوەمیشیان رێکەوتنامەی (چوارچێوەی ستراتیجی)[٢] بوو، کەلەئێستادا کاری لەسەر دەکرێت. بەڵام ئەم رێککەوتننامەیە بوەتە جێگەی دروستبونی پرسیارو مشتومرو جیاوازی، ئەوەش لەروی شیکردنەوەی ئیلتیزاماتەکانی نێو رێککەوتننامەکە، لەگەڵ ئەو هەمو نارونیەی کەناوەرۆکەکەی بۆ هەردولای دروستکردوە، لەگەڵ لاوازی میکانیزمەکانی بەدواداچونی جێبەجێکردنی ئیلتیزاماتەکانی رێککەوتننامەکە.

هەرچەندە هەردولا هاوڕان دەربارەی دیاریکردنی مودەتی قانونی نێو رێکەوتنامەکە، بەڵام ئەم رێککەوتننامەیە هێشتا لەچوارچێوەی شکڵیدا ماوەتەوەو نەچوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەتایبەت لەروی پێویستی بەناوەرۆک و ماددەکانی رێککەوتنامەکە، بۆیە لەئێستادا ئەم رێککەوتننامەیە پێویستی بەپێداوچونەوەو هەموارکردن و گەشەپێدان هەیە، یاخود گۆرینی بە رێککەوتننامەیەکی دیکە، کەهاوشانی ئەو پێداویستی و گۆرانکارییە جیۆسیاسیانە بێت کە لەدوای ئەم رێککەوتنامەیەوە پێشبینی رودانی دەکرێت.

## یەکەم: ئامانجەکانی ئەمەریکا لەدیالۆگی ستراتیجی

کۆمەڵێک پاڵنەر وایان لەلایەنی ئەمەریکی کردوە کە بانگهێشتی عێراق بکات بۆ دیالۆگی ستراتیجی، لەبارەی واقیعی ئێستاو ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا. کەلەوانەیە ئەم وتووێژو دیالۆگ و دانیشتنە لە رۆژی ١١ی حوزەیرانەوە دەستپێبکات.

لەسەرەتای مانگی نیسانی رابردو، (مایک پۆمپیۆ) وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا رایگەیاند:"ئەمەریکا پێداچونەوەو هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ستراتیجی خۆی لەعێراقدا، ئەوەش لەچوارچێوەی فشاری بەردەوامەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەسەر بونی ئەمەریکا لە عێراقدا".

پۆمپیۆ ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد هاوکات لەگەڵ تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆناو دابەزینی نرخی نەوت و پاشەکشەی ئابوری عێراق، ئەگەر هەیە حکومەتی عێراقی دوچاری نائارامی ببێتەوە، ئەمەش لەلایەک سەردەکێشێت بۆ فراوانکردنی دابڕان و دابەشبونی زیاتری سیاسەتی ناوخۆیی لەعێراق، لەلایەکی دیکەشەوە هەلێک دەبێت بۆ گەرانەوەی داعش بۆ نێو گۆرەپانەکە، هاوکات ئەم پێشهاتە نفوزو دەسەڵاتی

---

١: بۆ زانیاری زیاتر بروانە دەقی رێککەوتننامەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق (سۆفا):
http://www.cabinet.iq/PageViewer.aspx?id=8&fbclid=IwAR1IcewCdvi5SXlhE_s22ZhZ874EOtOF-EKL2tscaUyQS-EYVbnzmGbo1Cc

٢بۆ زانیاری زیاتر بروانە دەقی رێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیژی:
https://cabinet.iq/PageViewer.aspx?id=9&fbclid=IwAR0p3MFJu_2KrDMkwJE6404tYe0c1LtRW4CV3MoxNADCHdURMbq2lKJeWrE

ئێران لەعێراقدا جێگیرتر دەکات، ئەوەش بەهۆی پشتیوانیکردنی سەربازی ئێران لە هێزەکانی حەشدی شەعبی لەبواری جەنگیدا، لێرەشەوە ئێران بالآدەستی زیاتری وەردەگرێت و دەبێتەوە بەواجیهە لەعێراقدا.

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا، بێگومان ئەمەریکا کۆمەڵێک ئامانج و پاڵنەری راستەخۆی دیکەی هەیە، کەوایلێدەکات پەنابباتە بەر ئەمجامدانی ئەم جۆرە دیالۆگە لەگەڵ حکومەتی عێراق، لەدیارترین ئەو ئامانجانەش بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١. روبەروبونەوەو کەمکردنەوەی دەسەلآت و نفوزی ئێران لەعێراقدا. ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ پێی وایە نفوزی ئێران لەدوای دروستکردنی کابینەی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لەعێراقدا زۆر زیاتر بوە، ئەوە سەرەرای دەستلەکارکێشانەوەی کابینەکەی عەبدولمەهدی، بەهۆی ئەو فشارە سیاسی و گەلیانەی کەلە دژی بەرپابو.
٢. گەڕان بەدوای ناوەندێکی ئارام بۆ بونی سەربازی و دیبلۆماسی ئەمەریکی لەعێراقدا، لەگەڵ پاراستنی ئەو بونەی ئەمەریکا لەعێراق، هاوشانی لێکنزیکبونەوەی زیاتری دیبلۆماسی، کە گرێدراوو پەیوەست بێت بە فاکتەرە ئابوری و ئەمنییەکانەوە.
٣. ئەمەریکا دەزانێت سیاسەتی فشاری توندو سزادانی ئابوری کە دژ بە ئێران گرتیەبەر، وەک پێویست بۆ خستنی ئێران و کەمکردنەوەی دەسەلآتی لەناوچەکەو بەتایبەتیش لەعێراقدا، ئامانجی نەپێکاو سەرکەوتو نەبو. هاوکات ئەمەریکا ناشیەوێت چیتر بەرژەوەندییەکانی لەعێراقدا روبەروی هێرشی موشەکەکانی ئێران و گروپەکانی حەشدی شەعبی ببێتەوە. ئەمەش پاڵنەر دەبێت بۆ ئەوەی ئەمەریکا هەرچی زوە ئەم دیالۆگە بەرێوەببات، بۆ پاراستنی بونی سەربازی و دیبلۆماسی خۆی لەعێراقدا.
٤. واشنتۆن نایەوێت پاشەکشەی تەواوەتی بکات لەعێراقدا، چونکە پاشەکشەیەکی لەو جۆرە دەبێتە سەرکەوتنێکی ستراتیجی بۆ ئێران، بۆیە ئەمەریکا لەمکاتەدا زیاتر بەدوای بژاردەکانی مانەوەو بڵاوبونەوە بەنێو تەواوی سنوری عێراقدا دەگەرێت، لەگەڵ گرەنتی کردنی کەمکردنەوەی رۆڵی ئێران لەعێراقدا. بێگومان ئەمەش لەرێگەی لێکتێگەیشتن و وتو وێژ لەگەڵ حکومەتی عێراقی دێتە دی، لەگەڵ رادەی پشتیوانی ئەمەریکا، بۆ پێدراو دەرهاویشتەکانی ئەو دیالۆگەی کە وابریارە ئەنجام بدرێت.
٥. راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان تواناو پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران، بەجۆرێک کەبەپێچەوانەو سلبی نەشکێتەوە لەسەر واشنتۆن. ئەوەی واشنتۆن لەعێراقی دەوێت تەرکیز کردنە لەسەر واقیعی ئابوری و دۆخی دابەشبونی سیاسی و هەڵچونی جەماوەری و رێگری لەسەرهەڵدانەوەی داعش بۆ جارێکی دیکە. هاوکیشەی ئەم دیالۆگە بەپێی روئیای ئەمریکی بەرێوەدەچێت و دەوەستێتەوە لەسەر بێلایەنکردن و دورخستنەوەی عێراق لە ئێران، لەبەرامبەر پێشکەشکردنی پشتیوانی ئابوری و ئەمنی سیاسی بۆ عێراق، بێگومان پێچەوانەی ئەمەش راستە.

٦. ئەمریکا نایەوێت لەعێراقدا روبەروی ئێران بێتەوە. بەڵام واشنتۆن، دور لەدەستی ئێران، کاردەکات لەسەر بەردەوامیدان بەزیادکردنی فشارەکانی بۆ بێلایەنکردن و خستنە سەرپێی عێراق. بەجۆرێک ئەمەریکا دەیەوێت عێراق چیتر پێویستی بەپشتیوانی ئێران نەبێت، بێگومان ئەمەش لەسەر رادەی سەرکەوتنی ئەو فشارانە دەوەستێتەوە کەلەم پێناوەدا ئەمەریکا دەیانخاتەگەڕ، کە دواجار ئێرانیش ناچار دەکات بەپێی ئەو پێشهات و پێدراوە تازانە مامەڵە لەگەڵ عێراقدا کات.

## دووەم: ئامانجەکانی عێراق لەدیالۆگی ستراتیجی

١. بریارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەمانگی کانونی دوەمی ئەمساڵ، پەیوەست بەبریاردان بەکشانەوەی هێزە بیانی و ئەمەریکییەکان لەعێراق، گرنگترین ئامانج و فاکتەرە، کەپاڵ بە حکومەتی عێراقەوە دەنێت بۆ چونە نێو ئەم دیالۆگە لەگەڵ ئەمەریکادا. چونکە لەلایەک ئەمە پێچەوانەوەی ئەو واقیعەیە کەدەریدەخات تا ئێستاش عێراق پێویستی بەپاراستنی سەروەری و دۆخ و بریاری سیاسی هەیە، لەلایکی دیکەشەوە وەپێچەوانەی ئەو دابەشبونە سیاسییەیە کەدەربارەی جۆرێتی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمەریکادا هەیە، لەروی پشتیوانی و مانەوەی یاخود کشانەوەی لەعێراقدا.

٢. یەکێکی دیکە لەئامانجەکانی عێراق، بریتییە لەگەڕان بەدوای رێککەوتننامەیەکی جێگرەوە، بۆ رێککەوتننامەی (چوارچێوەی ستراتیجی)، کەرێککەوتنێکی نارون و ناعەمەلییە، هاوکات پێچەوانەوەی بەرژەوەندی هاوماملەیە لەنێوان هەردولادا هەیە، بەبێ ئەوەی فەزڵ و شکست و لایەنداری و مەیلی لایەنێک بدات بەسەر حسابی بەرژەوەندی لایەنەکەی دیکەدا.

٣. ئامانجی ئەمنی: هێزە سیاسییەکان و حکومەتی عێراق، دەزانن کە هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراقدا دەمێننەوە، سەرەرای کشانەوەیان لەبەشێک لەبنکە سەربازییەکانیان، بەڵام دواتر لەبنکەکانی دیکەیان لەهەرێمی کوردستان و عەین ئەسەد جێگیردەبن. هاوکات بەم دواییانە سیستمی دژە موشەکی پاتریۆتیشی جێگیرکردوە، ئەمەش واتە عێراق دەبێت لەگەڵ ئەم گۆرانکارییەو لێکەوتەکانیدا وەک خۆیی مامەڵە بکات. بۆیە عێراق ئامانجیەتی لەچوارچێوەی ئەم دیالۆگەدا گرەنتی ئەوە لەئەمەریکا وەربگرێت، کەدەبێت ئەم بنکانە دژ بەئامانجە هەرێمییەکان و بەرژەوەندی عێراق و بەرژەوەندییەکانی نزیک لەئێران نەگەیەنێت لەعێراقدا. لەگەڵ وەرگرتنی گرەنتی ئەمەریکی بۆ روبەروبونەوەی داعش، وە پێویستە ئاسانکاری و هاوکاری و ئیستیغلالی ئەم مەلەفە نەکرێت بۆ سزادانی عێراق، چونکە ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی عێراقدا نایەتەوە.

٤. ئامانجی ئابوری: لایەنی عێراقی هەوڵدەدات خۆی بەدوربگرێت لەسزا ئابورییەکانی ئەمەریکا، کە دەشێت لەئەنجامی تێنەگەیشتن لەدیدگاو بەرژەوەندی واشنتۆن لەداهاتودا بێتە ئاراوە، ئەوەش بەهۆی نزیکبونەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران و گروپە نزیکەکانی. هاوکات عێراق دەیەوێت پشتیوانی ئابوری ئەمەریکا بەدەستبهێنێت، بۆ روبەروبونەوەی لیکەوتەکانی دابەزینی

نرخی نەوت و بڵاوبونەوەی کۆرۆناو قەیرانی موچەی فەرمانبەران ...هتد کەلەم کاتەدا روبەروی حکومەتی عێراق بوەتەوە.

٥. واشنتۆن لەرێگەی کۆنگریسەوە لەساڵی ٢٠١٤ زیاتر لە ٦.٥ ملیار دۆلاری تەرخانکرد بۆ پرۆگرامی مەشقپێکردنی سەربازی ئەمەریکا بۆ عێراق، لەلایەکی دیکەوە ٢.٧ ملیار دۆلاری بەخشیە عێراق وەک هاوکاری مرۆیی، نزیکەی ٣٦٥ ملیۆن دۆلارییشی بەخشییە حکومەتی عێراق بۆ بەدیهێنانی ئارامی لەناوچە ئازادکراوەکانی دەستی تیرۆر، ئەوە جگە لەپێدانی پرۆگرامی هەڵگرتنەوەی مین و پرۆگرامی چاکسازی ئیداری و داریی گشتی عێراق و چەندین بەخشینی دیکەی بەعێراق.

بەغداد دەیەوێت ئەم جۆرە لەپشتیوانییە لەئەمەریکاوە بۆ عێراق بەردەوام بێت. ئەوە جگە لەوەی کە ٣٥ ملیار دۆلاری عێراق لەبانکی فیدراڵی ئەمەریکادا هەڵگیراوەو حکومەتی عێراقی دەیەوێت سودی لیوەربگرێت لەچوارچێوەی ئەم قەیرانانەدا. چونکە تەجمیدکردنی ئەم پارانە، یاخود هەڵگرتنی پاراستن لەسەریان، بەسن بۆ ئەوەی دۆخی ئابوری عێراق بەتەواوی دابروخێت. ئەم خاڵە بەتەنها بۆ خۆیی، گرنگترین ئامانجی ئەم دیالۆگەیە لەدۆخی ئێستادا، بێشک گرەنتی کردنی بەدەستهێنانی ئەم لایەنەش بۆ عێراق، بەبێ بەرامبەر بەدەست نایەت.

٦. ئامانجی سیاسی: عێراق دەیەوێت پابەندبونی ئەمەریکا وەربگرێت بۆ پشتیوانی کردن لە دۆخی ئارامی سیاسی لەعێراقدا. وە هەوڵدەدات بابەتی ململانێی ئەمەریکا لەگەڵ ئێران نەبەستریتەوە بەپرسی ئارامی عێراقەوە. هۆکارەکەش ئەوەیە کەواشنتۆن زۆر کارتی بەدەستەوەیە بۆ تێکدانی دۆخی سیاسی عێراق، جیا لەدۆخ و کارتی ئەمنی و ئابوری کەئاماژەمان بۆ کرد لەپێشتردا. بەنمونە بونی پەیوەندی واشنتۆن لەگەڵ هەندێک لەپێکهاتەو قەومیاتەکانی عێراق، لەگەڵ بونی بنکەی سەربازی لەسنوری هەرێمی کوردستان. لێرەدا بەغدا دەیەوێت هاریکاری واشنتۆن بکات، لەبەرامبەردا ئەمەریکا، گرەنتی پاراستنی یەکپارچەی و دابەشنەکردنی خاکی عێراق و پاڵپشتی نەکردن لەهەوڵەکانی جیابونەوەو یاخیبون بکات. لەگەڵ گەڕان بەدوای ئەوانەی پیلاندەگێرن دژی عێراق، واتە ئەمەریکا نەبێتە لایەنێک بۆ پشتیوانی لایەنێک دژ بەبەرژەوەنی لایەنێکی دیکە. هاوکات هەوڵندەرێت مەلەفی خۆپیشاندانەکان بەکاربهێندرێت، بەتایبەت دژ بەو لایەنانەی کەهاورای بەرژەوەندییەکانی عێراق نین. بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش، واتە عێراق گرەنتی ئەوەی دەوێت، کە هیچ لایەنێک، نەک بەتەنها واشنتۆن، چیتر دەستێوەردان نەکات لەبەرێوەبردنی سیاسەت و دۆخی ناوخۆیی عێراقدا.

٧. عێراق دەخوازێت حکومەتی نوێ بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی ببێتە کەناڵێکی دابڕاو لە پەیوەندی لایەندرای لەنێوان واشنتۆن و ئێراندا، بەتایبەت پەیوەست بەمەلەفی عێراقەوە. بەدیاریکراویش ئەوەی پەیوەندیدارە بەبەردەوامیدان بە دۆخی بارگرژی نێوانیان لەسەر عێراق. چونکە ئەگەر هەیە هەر لێکنزیکبونەوەیەکی دیاریکراو یاخود ناراستەوخۆی عێراق لەیەکێکیان، لەئەنجامدا پێکداچونی ئامانج و بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکانی ئەو لایەنانە زیاتر بکات، ئەمەش خزمەت بەدۆخی عێراق ناکات. بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت گۆرەپانی عێراق لەو ململانێ و گرژیانە پاکبکرێتەوە.

ئەمەش پێویستی بەوەیە کە حکومەتی عێراقی بەبێ هیچ نێوەندگیرییەک گفتوگۆ لەگەڵ واشنتۆن بکات، لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران لەناو خاکی عێراقدا. ئێران پێشوازی لەم دیالۆگەی ئەمەریکاو عێراق ناکات، تەنها لەیەک کاتدا نەبێت، کەدیالۆگەکە مەبەست لێی کشانەوەی ئەمەریکا بێت. بێگومان ئەمەش ئەگەر روبدات، ئەوا ئەو کێشانەی کەپێشتر کەباسکران، رەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر دۆخی عێراق، بۆیە ئەگەر حساب بۆ گۆڕاوی ئێرانی نەکرێت لە نێو تەوەرەکانی وتووێژی ئەو دیالۆگەدا، ئەوا ئەو دیالۆگە لەم خاڵەدا هیچ بەرهەمیکی نابێت، لەبەرامبەردا ئەمەش واتە بەردەوامیدان بەهێزەکانی حەشدی شەعبی لەهەڕەشکردن بۆ سەر بنکەو بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەعێراق، کەدەشێت تەنانەت ئەوسیاسیانەش بگرێتەوە کەبەردەوام دژی بەرژەوەندی ئەمریکان لەعێراقدا. بەڵام گەر ئەوە بکرێت ئەوا جۆرێک لەپتەوی و بەردەوامی بۆ سیستەمی سیاسی عێراق و دۆخی ناوخۆیی پارتە سیاسیەکان دەگێڕێتەوە، بەتایبەت ئەو پارتانەی لەو دۆخەوە نزیکن.

## سێهەم: بەرچاوڕونی بۆ وەفدی دانوستانکاری عێراقی لەدیالۆگی ستراتیجی

١. کورتنەکردنەوەی ئەم دیالۆگە تەنها لەبواری ئەمنی و سەربازی، کەپەیوەست بێت بەمەسەلەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاو بابەتی بنکە سەربازییەکان، بەڵکو دەبێت ئەم دیالۆگە بوارەکانی ئابوری و سیاسی و رۆشنبیری و تەندروستیش ... بگرێتەوە.
٢. دورخستنەوەی بەرژەوەندی و ململانێی تاک و کەسی لە وتوێژەکان، لەگەڵ یەکسختنی دیدگا بێلایەنەکان لەم دیالۆگەداو دانوستانکردن لەپێناو بەرژەوەندی نیشتیمانی عێراقی، کەخۆی دەبینێتەوە لەبەرژەوەندی سەرجەم پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵاتەییەکانی عێراق.
٣. تەوزیفکردنی هونەرو توانای وەفدی دانسوتانکاری عێراقی، لەوەی دەربیخەن کەئەوان خاوەنی گڵۆپی سەوزەی پشتیوانین لەو دیالۆگەدا، ئەمەش دەخوازێت ئەو وفدە گوێ بگرن بۆ سەرجەم دیدگا پێشنیازکراوەکان، لەپێناو بەدەستهێنانی پشتیوانی سیاسی بۆ ئەو مەلەفانەی دەخرێنە ڕو.
٤. پێویستە وەفدی دانوستانکاری عێراق دیدگای خۆی یەکبخات بۆ ئەو دیالۆگە، هاوشانی بەرژەوەندییە باڵاکانی عێراق. نەک لەگۆشەنیگای بەرتەسک و هەڵوێست و داواکارییەکی دیاریکراوەوە دیالۆگ ئەنجام بدەن، چونکە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەم نێوانەدا، واتە بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکی بەردەوام کەمەبەست لێی پشتیوانی و هاوکاریکردن بێت، جیاوازو لەبەدەستهێنانی بەرژەوەندی و داواکارییەکی بچوک، کە تەنها بۆ قۆناغی ئێستا بێت، کەدەشێت بشبێتە هۆکاری تۆخکردنەوەی ململانێ و جیاوازییەکان.
٥. گرنگترین شت کە بۆ وەفدی دانوستانکار گرنگە ئەوەیە، کەپێویستە کەسانێکی چاوکراوە بن و درک بەو بەرژەوەندی و ئەو لایەنانە بکەن کەدەبنە جێگەی بایەخی هەردولا، نەک تەنها ئەو بابەتانەی دەبنە جێگەی بایەخی لایەنەکەی خۆیان، پێویستە لەکاتی بەدەستهێنانی دەستکەوت و بەرژەوەندییەکان بۆ عێراق، گرەنتی بەئەمەریکاش ببخشێت، هەر ئەمەش وادەکات دیالۆگەکە واقیعی بێت و شایەنی سودلێبینین و جێبەجێکردن بێت.

٦. ئەگەر وەفدی دانوستانکار گەیشتە ڕێککەوتن (ڕێککەوتننامەیەکی نوێ) یاخود هەمواری ڕێککەوتنامە کۆنەکەی کرد، پێویستە ناوەڕۆک و بەندو ماددەکانی ریککەوتنامەکەی ئەمجارە رون و رەوان بێت، بەجۆرێک کەچیتر هیچ مادەو بەندێکی ڕێککەوتنەکە شایەنی لێکدانەوەو شیکردنەوەی جیاوازی هەردولا نەبێت. پێویستە ئەو ڕێککەوتنامەیە خاوەنی تایبەتمەندی عەمەلی بێت و شایەنی جێبەجێکردن بێت، لەگەڵ دەستنیشانکردنی میکانیزم و لیژنەکانی پەیوەندی راستەوخۆ بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتن و ئیلتیزاماتەکانی نێو ڕێککەوتننامەکە، لەگەڵ ڕێگاکانی گرەنتی جێبەجێبەجێکردن و ماهیەتی قانونی ڕێککەوتننامەکە، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئیلتیزام و ئەگەری پابەندنەبونی هەر لایەنێک بەڕێککەوتننامەکەوە.
٧. شەفافیەت و رونی گرنگترین شتێکە کەلەم دیالۆگەدا پێویستە، پێویستە هیچ یەکێک لەلایەنەکان ژێر بەژێرو بەنهێنی لەدەرەوەی ئەم ڕێککەوتنامەیە ڕێکنەکەون لەسەر چەند مادەو ئیلتیزاماتێکی ژێربەژێر، بەڵکو پێویستە کۆی برگەو مادەکانی ڕێککەوتننامەکە رون و ئاشکرابێت، ئەگەر نا چارەنوس و دەرهاویشتەی ئەم دیالۆگ و دانوستانە تەنها دەبێت شتێکی شکڵی بێ سود.

## ئەنجام

لەكۆتايدا پێویستە بڵێین، کەزۆر گرنگە فاکتەری کات لەبەرچاو بگیرێت، بۆ بەستن و ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەکە، یاخود بۆ هەموارکردنی ڕێککەوتننامە کۆنەکە، بەجۆرێک ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی عێراق و لایەنی بەرامبەر بێت. لەگەڵ دوانەخستن و درێژنەکردنەوەی کاتی ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ جێبەجێکردنی دەرهاویشتەکانی، چونکە کات لەخزمەتی لایەنی عێراقیدایە، ئەمەش لەوچوارچێوەی ئەو دۆخی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەی کەئێستا ئەمەریکای پیادا تێپەر دەبێت، کەوا لەئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دەکات بەدوای ڕێگاو دەرهاویشتەو دەستکەوتی دیبلۆماسیدا بگەرێت لەمەلەفی عێراق و ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراستدا، وەچاوەرێنەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لەئەمەریکا، چونکە هەڵبژاردنەوەی ترەمپ واتە بەردەوامیدان بە سیاسەتی کارپێکراوی ئێستای ئیدارەی ترەمپ و گرتنەبەری ڕێوشێنی توندتر لەداهاتودا بەرامبەر بەئێران و عێراق. بەلام لەحاڵەتی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ لەدیموکراتەکان، واتە بەخشینی کاتی زیاتر بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق. دواتر گەیشتن بەستراتیژ و سیاسەتێکی دیکە دەرەکی ، بەرامبەر تەواوی ناوچەکەو گەیشتن بەرێککەوتننامەی عێراقی ئەمەریکی. بەلام ئەم ئەگەرە کاتێکی زۆر زیاتری دەوێت لەچوارچێوەی داواکاری هەڵبژاردنی پێشوەخست و لێکەوتەکانی، کەدەشێت سودی عێراقی تێدابێت، پەیوەست بەو دۆخەی کەئێستا هەردولای پیادا تێپەر دەبن.

## سەرچاوە


1 . د.احمد عدنان الميالي، رؤية تحليلية لأهداف الحوار الاستراتيجي بين العراق الولايات المتحدة ، مركز المستقبل للدراسات الستراتيجية، على الموقع:

http://mcsr.net/news572?fbclid=IwAR3sxCMLOosFIIZoCoFPHWZ-x8_28R11dZmExJxlOSffZ8JLy_CQ2IFYQhY

2 . اتفاق بين جمهورية العراق و الولايات المتحدة الأميركية بشأن انسحاب قوات الولايات المتحدة من العراق وتنظيم أنشطتها خلال وجودها المؤقت فيه، على الموقع:

http://www.cabinet.iq/PageViewer.aspx?id=8&fbclid=IwAR1IcewCdvi5SXlhE_s22ZhZ874EOtOF-EKL2tscaUyQS-EYVbnzmGbo1Cc

3 . اتفاق الإطار الإستراتيجي لعلاقة صداقة وتعاون بين جمهورية العراق و الولايات المتحدة الأميركية، على الموقع:

https://cabinet.iq/PageViewer.aspx?id=9&fbclid=IwAR0p3MFJu_2KrDMkwJE6404tYe0c1LtRW4CV3MoxNADCHdURMbq2lKJeWrE

4 . **Joint Statement on the U.S.-Iraq Strategic Dialogue, at the site:**
https://www.state.gov/joint-statement-on-the-u-s-iraq-strategic-dialogue/?fbclid=IwAR3o1Il9NSOws2V-9B7VX3PJMLqCyhEhomc7366WETzy3Kjh89nJbDEf48w#:~:text=On%20economic%20and%20energy%20issues,to%20enact%20fundamental%20economic%20reforms